

# بنکەی ژین، دوکتور کەماڵ فوئاد و تەزویری "بەیاننامەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان"

حەسەن ئەیوبزادە "گۆڕان"

**بەشی ١**

دوو "روونکردنەوە" کە ڕێکەوتی نوسینو بڵاوکردنەوەیان، تشرینی دووهەمی ساڵی ٢٠١١ نوسراوە لە ژێر سەردێڕی "وڵامێکی درەنگ وەخت" لە سایتی ئینترنێتیی بنکەی ژیندا بڵاوکراونەوە.

نووسەر یان نووسەرانی ئەو دوو"روونکردنەوە"یە بزرناونو بەناوی "بنکەی ژین"ەوە نووسراوەکەیان بڵاو کردووەتەوە.

بەشی یەکەمی ئەو دوونووسراوەیە پێوەندیی بە شێوە تەزویرێکی کارگێڕانی بنکەی ژینەوە هەبووە. گوایە کارگێڕانی چاپخانەی ژین لەلایەن ڕێزدار "حامید گەوهەریی"یەوە تۆمەتبارکراون کە لە کاتی چاپکردنەوەی-رۆژنامەکانی "کوردستان"ی ساڵەکانی١٣٢٤/١٣٢٥ی هەتاویی، بە مەبەستێکی سیاسیی خەبەرێکیان لە لاپەڕەی ٣ی ژمارە ٢٢ی رۆژنامەی" کوردستان"ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، دەرهاویشتووە."

نووسەر یان نووسەرانی ئەو دوو "روونکردنەوەیە" وەکو گوترا ناوی خۆیان لە خوێنەران شاردووەتەوەو تەنیا ناوی چاپخانەکەیان وەکو نووسەرو خاوەنی دوو نووسراوەکە ناساندووە.

"بنکەی ژین" چاپخانەیەکی سەر بە تەنزیمی یەکێتیی– گۆڕان لە شاری سلێمانییە. لە ساڵی ٢٠٠٤دا دامەزراوە. ئەو چاپخانەیە کەسایەتییەکی سەربەخۆی حقووقیی نییە. ئەو چاپخانەیە تا ئێستا ژمارەیەک کتێبی بە زمانی کوردییو عەرەبیی چاپ کردووە. ژمارەی کارگێڕانی ئەو بنکەیە لەچەند کەس تێناپەڕن و ناویان بەسەربەرگو لاپەڕەی یەکەمی کتێبی چاپکراوی بنکەوە دەبیندرێ.

پێویست بوو روونکەرەوە نووسانی چاپخانەی ژین بەناوی راستەقینەی خۆیانەوە، ئەو دوو "روونکردنەوە"یە بنووسن. چونکە بابەتەکان باس لە تەزویرو دەستکارییکردنی دوو سەنەدی مێژوویی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ساڵەکانی ١٣٢٤–١٣٢٥دەکەن. ئەو رووداوانەش لە لایەن کەس یان کەسانی حەقیقییەوە خولقاون نە کەسایەتیی حقووقیی.

نووسراوەکەی روونکەرەوە نووسان ریکلامی فرۆشتنی زەوی یان ملکی حکومەتیی نییە کە ناوی سەرۆکی دایرەکە لەبەر نەدانی بەرتیلو فرتو فێڵی دیکە ئاشکرا نەکرێ. لە بەر ئەوە "مزایدە" تەنیا بەناوی هەیئەتی بەڕێوەبەرایەتیی دایرەوە بڵاو دەکرێتەوە.
چاپخانەی ژین، شوێنێکی ئیتتیلاعاتیی _ ئەمنییەتیی یان ناوەندی دروستکردنی چەکی کۆکوژ نییە کە کارگێرانی نهێنیی یان بزرناو بن. ناوی روونکەرەوەنووسیش خوویایەو بە لاپەڕەی یەکەمو سەربەرگی هەر کتێبێکەوە کە لەو شوێنە چاپ دەکرێ دەنووسرێ.
کارگێرانی ئەو شوێنە بە وتەی خۆیان کە لەسەرەتای نووسینەکەیاندا ئاماژەیان پێکردووە، لەبەر "کەمی ماددی و مرۆیی"– مەبەستیان نەبوونی پسپۆر، نەبوونی شارەزای زمانو بودجە– بووە لەکارەکانیاندا دوچاری هەڵە دەبن. دیارە هەڵەی بەردەوامیان دەبێتە جێی رەخنەو تۆمەتبارکردنی کارگێرانی بنکەی ژین. ئەو گرفتەش چارەسەر ناکرێو رەوتەکە ناگۆردرێ. چونکە کارگێڕانی بنکە دەستچنکراوی تەنزیمن و نەگۆڕن. گوێڕایەڵیی‌و وەفادارییی‌یان بۆ سەرۆکی تەنزیم لەو شوێنە جێگیریان دەکا. کاتێک لە هەڵەیەکی کارگێڕی رەخنە دەگیرێ، هەڵەکردوو بە ناوی بنکەی ژینەوە کە لەراستیی‌دا بەناوی تەنزیمەوە، هێرش‌دەکاتە سەر رەخنەگر و هەڵوێستەکەش دەمارگرژانە، خێلەکیی و نەژیارییی‌یە.
دوو وتاری نووسەری بنکە لەژێر سەردێڕی"روونکردنەوە" دا بڵاو کراونەوە. ئەو سەردێڕە هەرلەسەرەتاوە ناروونە. چونکە روونکەرەوە نووس خۆی ناروونە. بزرناوە، بۆ ئەوە نەناسرێ نقابی پۆشیوە. بەناوی بینایەکەوە خۆی ناساندووە کە رەخنەگرو کۆمەڵگا بە شەخسی حەقیقیی نەناسێ.. لەیەکەم هەنگاودا نووسەری بنکەی ژین خۆی لە کەسایەتیی حەقیقیی خۆی دابڕیوە. روونکەرەوەی بزرناو بۆ ئەوە نەبوونی تەزویرێک رەتبکاتەوە، تەزویرێکی دیکەی کردووە. ئەو شێوە نائاسایی‌یەی روونکەرەوەنووس، حیکایەت لە بێ‌باوەریی بەخۆ،بەناراستیی و بە نادروستیی نووسراوەکە و بە زانیارییی‌یەکی ناتەواو دەکا کە نووسەر بە ناوی بنکەی ژینەوە بڵاوی کردووەتەوە. ئەوەش واقعییەتێک بووە کە لە هەردوو" روونکردنەوە"دا دەبیندەرێ.
لە "روونکردنەوەی ژمارە١ی نووسەرانی بنکەی ژین‌دا، رەخنەکە بریتیی بووە لە دەستنیشان کردنی هەڵە یان شێوە تەزوێرێک کە رێزدار "حامید گەوهەریی" لە کاری کارگێڕانی "بنکەی ژین"دا ئاشکرای کردبوو.
بۆ خوێندنەوەی نووسراوەکەی روونکرەوەنووسان لە سایتەکەی بنکەی ژین بروانە![1]
باس‌کردن لەسەر ئەو هەڵەیە یان ئەو کارە سەقەتە "تەزویرکراوە"ی ژمارە١ی کارگێڕانی بنکەی ژین پێوەندیی بە لێکۆڵینەوەی نووسەری ئەم بابەتەوە نەبووە کە ناوی وڵامێکی درەنگ وەختی ژمارە ٢ یان لەسەر داناوە.

[1] http://www.binkeyjin.com/Direje.aspx?Jimare=89

ڕەخنەی بەڕێز گەوهەریی لە کاری ناتەواو یان لە شێوەتەزویری کارگێڕانی بنکەی ژین بووە کە هێچ پێوەندیی‌یەکی بەو لێکۆڵینەوەیەوە نەبووەکە خاوەنی ئەم قەڵەمە نووسیویە. موخاتەبی لێکۆڵینەوەکەی خاوەنی ئەم قەڵەمە کە لە ساڵی۲۰۱۰ دا بڵاو کراوەتەوە، شەخسی د. کەمال فوئاد، نوێنەری پێشووی ئەمنییەتیی _ ئیتتیلاعاتیی سەرۆک تاڵەبانیی بۆ پێوەندیی‌گرتن لەگەڵ دەزگای ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران لە تاران بووە.

بابەتی لێکۆڵینەوەکەی نووسەر، ڕاگەیاندنی،تەزویری‌بوونی" بەیاننامەیەکی حیزبی دێموکراتی کوردستان"ی ساڵەکانی ۱۳۲٤–۱۳۲٥ بووە کە د. کەماڵ فوئاد لە ساڵی ۲۰۰۷ بەناوی خۆیەوە بڵاوی کردووەتەوە. هۆی ئەوە کە ڕوونکەرەوە نووسان ئەو دوو بابەتەیان لێک گرێ‌داوەو بە ناوی بنکەوە بڵاویان کردوونەوە، جیا لە سەرلێ‌شێواناندنی خوێنەر و دەربازکردنی کەماڵ فوئاد لە وەڵامدانەوە بەو کۆمەڵە پرسیارە بووە کە سەبارەت بەو بەیاننامە تەزویریی‌یە لێی‌کراوە تشتێکی دیکەنەبووە.

د.کەماڵ فوئاد، خۆی یەکێ لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی تەنزیمی یەکێتیی‌و نووسەرێ کتێبێک بە زمانی ئاڵمانیی لەسەر "کتێبی دەستنووسی کوردیی" یە. ناوبراو پێویستیی بە داکۆکیی‌کردن‌و پشتیوانیی‌و نووسینی ناتەواوی نووسەرانی بزرناوی چاپخانەی ژین نەبووە. خۆتێهەڵقوتاندنی کارگێرانی بنکە بەو دفاعە لاوازەی کە لێیان کردووە ئەگەر بە پێشنیاری خۆی نەبووبێ، سودێکی بۆ ئەو نەبووە بەڵکە مەحکومیشیان کردووە.

"ڕوونکردنەوەی ژمارەی ۲"ی نووسەر یان نووسەرانی بنکەی ژین، خۆیان گوتەنیی: وڵامدانەوەیە بە لێکۆڵینەوەیەکی خاوەنی ئەم قەڵەمە کە لە ڕۆژی ۲۰۱۰/۳/۱۰ لە ژێر ناوی "وتارێکی مێژوویی و بەڵگەیەکی تەزویریی لە پەنای ۹۲ ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان" [2] کە لە سایتەکانی" هەڵوێست" و "ڕۆژهەڵات– بۆکان"و زۆر لە سایتەکانی دیکەدا بڵاو کرابۆوە.

لێکۆڵینەوەکەی نووسەر پێوەندیی بە بەیاننامەیەکی تەزویرکراوی"حیزبی دێموکراتی کوردستان"ەوە هەبوو کە د. کەماڵ فوئاد، ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسیی تەنزیمی یەکێتیی نیشتمانیی"لە ساڵی ۲۰۰۷ ی زایینیی لە بنکەی ژین‌دا چاپ و بڵاوی کردبۆوە.

تێبینیی: بە پێی زانیاریی ڕوونکەرەوە نووسانی بنکە، ڕۆژنامەکانی چاپکراو لە بنکە ۸۱ ژمارەبووە. بەڵام لە لاپەڕەی ٦٦ ی پێشەکییەکەی بنکە کە کارگێڕانی بنکە نووسیویانە، کۆی ڕۆژنامەکان ۹۲ ژمارە ڕاگەیەنراوە.

نووسەری لێکۆڵینەوەکە بەپێی دەیان فاکتو بەڵگە، سەلماندوویە کە ئەو بەیاننامەیەی کە کەماڵ فوئاد دابووی بە بنکەی ژین‌و لەگەڵ ڕۆژنامەکانی کوردستانی‌ساڵی۱۳۲٤–-۱۳۲٥–بڵاو کراوەتەوە، تەزویرکراوە.

[2] http://www.helwist.com/Nuseran/Mamosta%20Goran/2010/10%20%2010%20%20tezwir%20kurdistan.pdf

بەپێی ڕاگەیەندراوی گۆڤاری بەدرخان، کەماڵ فوئاد خاوەنی بەڵگەنامەکە بووە و ئەو دابووی بە بنکەی ژین. لەبەر ئەوە تەنیا کەماڵ فوئاد بەرپرسی بڵاو کردنەوەی بەیاننامەکەبووە. لەرووەوە تەنیا ئەو موخاتەبی نووسەری لێکۆڵینەوەکە بووە، نە ڕوونکەرەوە نووسانی بنکەی ژین.
کەمال فوئاد بە خاوەنی ئەو بەیاننامەیە دەناسرێو ئەو دەبێ بیسەلمێنێ کە ئەو بەیاننامەیەی کە لە گۆڤاری بەدرخان‌دا بە ناوی خۆی بڵاوی کردووەتەوە و لەگەڵ ڕۆژنامەکانی کوردستان بەناوی بەیاننامەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەچاپی گەیاندووە، ڕەسەنە و لە ساڵەکانی ١٣٢٤ –١٣٢٥ لەلایەن ئەندامانی ناوەندیی کۆماڵەی ژیانەوەی کورد، بەتایبەتیی لەلایەن جەنابی قاضی محمد سەرۆکی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردەوە ئیمزا کراوە.
کارگێڕانی بنکەی ژین بێ ئەوە لەپێشینەی ئەو مەسەلەیە ئاگادار بن و کەمترین زانیاریی‌یان لەسەر ئەوبابەتە و مەبەستی سیاسیی چێکەرانی ئەو تەزویرەو هەوڵو تێکۆشانی کەماڵ فوئاد بۆ چاپکردنی ئەوبەڵگەنامەیە هەبێ، نووسیویانە:
"بەپێویستی دەزانین بە ڕاشکاوی و ئەوپەڕی پێداگرتنەوە بڵێین: نەخێر، ئەم بەیاننامەیە ڕاستەقینەو ڕەسەنەو <u>هیی جێیەکی یەکجار متمانەپێکراوە</u>، ئێمە لە (بنکەی ژین) دیومانەو هیچ گومانێک هەڵناگرێ. تا ئێرە وەلامێکی بنەبڕی گومانەکەی کاک حەسەنە."
ئەوەی کە ڕوونکەرەوە نووسان لەسەرەوە نووسیویانەو بەو پەڕی پێداگرتنەوە "نەخەیر"یان بۆ گووتووە، ئیددیعایە. ئەو ئیددیعایەش پێویستیی بەسەلماندن هەیە. "البینة علی المدعی". بۆ سەلماندنی ڕەسەن بوونی ئەو بەڵگەنامەیەش دەلیل و فاکت پێویستە. دیتنی ئەو بەناو بەڵگەیە لەلایەن ڕوونکەرەوەنووسانی بێناونیشانی بنکەیژین کە بەهۆی مەعلووم نەبوونی ناوەکانیان بە موددەعیش ناناسرێن و ئەو کەسە متمانەپێکراوەش کە نەناوی دەزانرێ و نەدەزانرێ لە کوێ دەژی و بۆچی نابێ بناسرێ، ئەمانە بەڵگەنین و شتێک ناسەلمێنن. ڕوونکەرەوە نووسان بەو هەموو ناوونیشانە ڕەمزیی و نهێنیی‌یەی کە داویانە کارەکەیان لە کەماڵ فوئاد دژوارتر کردووە.
ئەو زانیاریی‌یانەی کە کەماڵ فوئاد لەمەر ئەو بەیاننامەیە هەیەتی، ڕوونکەرەوەنووسان لێیئاگادارنین. لەبەر ئەوە ولامدانەوەی ئەو کەسانە بەو لێکۆڵینەوەیە، شەخسی کەماڵ فوئاد لە وەڵامدانەوە بەو پرسیارانەی کە لێیکراوە دەرباز ناکا. تا وەڵامدانەوەی کەماڵ فوئاد مەسەلەی ئاشکراکردنی ئەو تەزویرەو چەواشەکردنی ئەو مێژووەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە دەوری ناوبراودا دەخولێتەوە.

## بەیاننامەکەی د.کەماڵ فوئاد و هەڵوێستی بزرناوانی بنکەی ژین

گوترا کە بزرناوانی ڕوونکەرەوەنووسی بنکەی ژین ڕێگەیان نەداوە کەمال فوئاد وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە کە لە لێکۆڵینەوەکەی نووسەری ئەم بابەتەدا لێیکرابوو. کەماڵ فوئاد دوای بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندنی بەیاننامە تەزویرکراوەکە، بەڵێنیی بە خەڵکی کورددا کە بڕیارەکانی

کۆنگرەی"کۆمەڵەی دێموکراتی کوردستان"یش بە"زوویی" بڵاو دەکاتەوە. بەڵام کاتێ کە لێکۆڵینەوەکەی نووسەر سەبارەت بە تەزویریی‌بوونی بەیاننامەکە بڵاوبووە، ناوبراو ئەو بەڵێنەی کە دابووی لەبیر خۆی بردەوەوە و بێدەنگەی لێکرد.
سەلماندنی هەبوون‌و رەسەن بوونی "بەیاننامەی [دامەزرانی] کۆمەڵەی دێموکراتی کوردستان"کە کەماڵ فوئاد لەساڵی ٢٠٠٧ کردیە پاشکۆی رۆژنامەکانی"کوردستان" نە بۆ بنکەی ژین‌و نە بۆ کەماڵ فوئاد و نەکەس دەلوێ. هەرچەند کەماڵ فوئاد هاوکات لەگەڵ چاپکردنی بەیاننامەکە ، لە رێ‌و رەسمی یادو بیرەوەریی پێشەوا قاضی محمدو رێبەرانی کۆماری کوردستان‌دا لە هەولێر، پروپاگەندەیەکی زۆری بۆ کرد. واقعییەت ئەوەیە کە ئەو بەیاننامەیەی کەماڵ فوئاد کە لە بنکەی ژین چاپی کردو لەگەل رۆژنامەکانی کوردستان بڵاوی کردووە، لە سالەکانی ١٣٢٤– ١٣٢٥، نەنووسراوە. هیچ شک و گومانێک لەوەدا نی‌یە کە ئەو" بەڵگە تەزویرکراوەی د.کەماڵ فوئاد دوای رووخانی کۆماری کوردستان نووسراوە. واتە دواتر لە جۆزەردانی ١٣٥٠ هەتاویی و ( ژوئنی١٩٧١ ) و دوای کۆنفەرانسی سێهەمی حیزب چێ کراوە. بروانە ژمارەی ٥ کوردستان، لەو رێکەوتەی سەرەوەدا ئەو بەڵگەیە نووسراوە. چونکە تەنیا لە دوای ١٩٧١ وە یە کە باسی خودموختاریی هاتووەتە نێو ئەدەبیاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە.
شکڵ‌و ناوەرۆکی ئەو بەیاننامەیە هاوار دەکا کە تەزویرکراوە. ناوەرۆکی هەموو رۆژنامەکانی "کوردستان"یش تا کۆنفەرانس و کۆنگرەی ٣حدک، بەڵگەی ڕەتکەرەوەی ئەو تەزویرەن.. دوابەدوای ڕاگەیاندنی هەبوونی رۆژنامەکانی کوردستان لە ئارشیوی بنەماڵەی نیشتمانپەروەری کورد، رەوانشاد رەشید باجەلان‌و دانی ئەو رۆژنامانە بۆ چاپکردنەوە بە بنکەی ژین، کەماڵ فوئاد هەولێکیزۆری بۆ ناساندنی رەسەن بوونی ئەو بەیاننامە تەزویرکراوە دا. لە مانگی نیسانی ٢٠٠٧ لە گۆڤارۆکی "بەدرخان،" لە ژمارەی ٨٠—٨١ دا بەناوی:" دوکتور کەماڵ فوئاد بەیاننامەی کۆمەڵەی دێموکراتی کوردستان ئەیلولی ١٩٤٥ بڵاو دەکاتەوە'، چاپی کردو لە برلێن بۆ چەسپاندنی ئەو بەڵگەنامەیە کۆنفەڕانسێکی بەبەشداریی هاورێیانی خۆی لە تەنزیمەکەی‌دا پێک‌هێنا و چەند دێڕێکیشی بۆ چەسپاندنی رەسەن بوونەکەی لەسەر نووسی‌و بڵاوی کردەوە. بەوپێ‌یە ئەو بەرگە ساختەیە کرا بە سەنەدو بە "شاکاری بنکەی ژین" ناونرا. بروانە "وڵامێکی درەنگ وەخت"ی نووسەرانی بێ ناوونیشانی بنکە ژین بە لێکۆڵینەوەیەکی خاوەنی ئەو قەلەمە لەژێر سەردێری: بەلگەیەیەکی تەزویریی لە پەنا ٩٢ ژمارەی رۆژنامەی کوردستان.
لێکۆڵینەوەکانی خاوەنی ئەم قەڵەمە سەلماندی کە ئەوەی لەسەر حیزبی دێموکراتی کوردستان‌و ئامانجەکانی لەو بەیاننامەیەدا بڵاو کراوەتەوە تەزویرکراوەو فڕی بەسەر بەرنامەی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد یان"حیزبی دێموکراتی کوردستان"ەوە نەبووە. هەروەها، سەلمێندرا کە ئامانجی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌و کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد یەک ئامانج بووەو حیزبی

دێموکراتی کوردستان، جیا لە کۆمەڵە نەبووە و ئەوناوە، ناوی گۆڕدراوی کۆمەڵەی ژیانەوەیکورد بووە.
ئەو حیزبو سازمانانەی کە دوای روخانی کۆماری کوردستان پێکهاتوونو ئێرانییگەرییو خودموختارییخوازییيان لە بەرنامەکانیاندا گونجاندووە، خوازیاری ئامانجەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانو کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد نەبوون. بەرنامەی ئەو حیزبانەی کە دوای روخانی کۆماری کوردستان نووسراون، نووسخەی دووهەمی بەرنامەی فرقەی دێموکراتی ئازەربایجان بوون.
دواتر چەند بەلگەی هەرە گرنگی تەزویریی بوونی ئەو بەیاننامەیەی کەماڵ فوئاد بێجگە لەو بەلگانەی کە تا ئێستا بڵاو کراونەوە، دەخرێنە بەرچاوی خوێنەر.
زۆر لە نوسخەکانی رۆژنامەی "کوردستان"ی ساڵەکانی ١٣٢٥– ١٣٢٤ لە "ئارشیوی "حزب توده"و "فیرقەی دێموکراتی آذربایجان"دا هەبوون. بەلام بێ دەستتێوەردان بڵاو نەکراونەوە. ئەگەر پێویست بووبێ وەکو فاکت بۆ تەئییدی سیاسەتەکانیان کەڵکیان لێوەربگرن، دەستیان تێبردوونو تەزویریان کردوون. حیزبی تودەو "فرقه دمکرات آذربایجان" هەرگیز واقعییەتی کۆماری کوردستانیان بەو جۆرەی کە هەبووە پێناسە نەکردووە. ئەو دوو رەکخراوەیە بۆ شاردنەوەی ئامانجی سەربەخۆییخوازیی حدکو دژایەتیی لەگەڵ واقعییەتی راگەیاندنی ئیستقلالو سەربەخۆییو دامەزراندنی جمهوریی کوردستان پەنایان بۆ هەرچەشنە تەزویرێک بردووە.
رژیمی پاشایەتیی بە پێچەوانەی رێبەرانی فرقەو حیزبی توده واقعییتر، بەڵام بە زمانێکی تژی لەقین لە رووداوەکان دواوەو نەیشاردووەتەوە کە رێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کۆماری کوردستانی سەربەخۆیان راگەیەندراوەو بەو تاوانە رێبەرانی ئەو کۆمارەیان ئێعدام کردوون. بڕوانە! "اعلامیه نیروی ستاد کوردستان" بە ئیمزای سرلشکر همایونی"سەرچاوە رۆژنامەی "کوردستان" ژمارە ٧٤ رەشەمەی ساڵی ١٣٥٩ _ خاکەلێوەی ١٣٦٠ لە ئاخر لاپەڕەی ئەم نووسراوەیەدا وێنەکەی داندراوە.

**روونکەرەوە نووسانو لێکۆڵینەوە لەسەر تەزویری بەیاننامەکەی کەماڵ فوئاد**

کارگێرانی چاپخانەی ژین لە سەرەتای پاکانەکردنەکەیاندا بۆئەو کارە سەقەتەی رەخنەگری ناوبراو ئاماژەی پێ کردووە و خۆیان دانیان پێداناوە، ئیددیعا دەکەن:"لەبەر کەمیی مرۆیی و ماددیی" !! لە کارەکانیاندا تووشی هەڵە دەبن. مەبەستیش لە"کەمیی مرۆیی و ماددیی،"نەبوونی هاوکار، نووسەر، کوردیینووس، وەرگێر، پسپۆری زمانی کوردیی یان هەڵەگرو مەبەست لە کەمیی ماددیش، بودجەو دراوە.
ئەگەر ئەو بنکەیە دامودەزگایەکی دەوڵەتیی بووایە، کارگێری بە رادەی پێویست بۆ دابین دەکرا. کۆڕێکی پسپۆرو شارەزای زمان بەرێوەی دەبرد، سەرپەرست یان بەرپرسێکی شارەزای بۆ

دیاریی دەکرا کە بە ناوی خۆیو سەرپەرشتی ئەو دەزگایەوە وەلامدەرەوەی کەموکوڕیی کارەکانی بێ. ئەو کاتە ئەو هەموو ناتەواوییەیە لە کارەکانیدا نەدەما.
دەقی روونکردنەوەکەی نووسەرانی بنکە و هەڵوێستەکەیان دژ بە رەخنەگرەکەیان لەو لێنکەدا بخوێنەوە![3]

بنکەی ژینو کەماڵ فوئاد، بێ ئەوە چۆنێتیی وەدەستخستنی ئەو بەیاننامەیە ڕابگەیەنن نەدەبوو بێ لێکۆڵینەوە لەو نووسراوەیە کە هی کێ بووە؟ کەی نووسراوە؟ لە لایەن چ کەسێکەوە دراوە بە کەماڵ فوئاد؟ کام دامودەزگای خاوەن سەلاحییەت بەرەسەنی زانیوە؟ لەکام رۆژنامەو گۆڤاری سەردەمی کۆماردا چاپکراوە؟ چۆنە پێشتر لە رۆژنامەکانی کوردستاندا باسی هەبوونی ئەو بەناو بەلگەنامەیە نەکراوە ؟ بۆ و لەبەرچی کتوپڕ لە لایەن کەماڵ فوئادەوە ئەو هەموو هەوڵە دراوە کە لەگەڵ رۆژنامەکانی کوردستان لەیەک بەرگدا چاپیبکەن؟

کەماڵ فوئاد لەدرێژەی هەوڵەکانیدا بۆ سەپاندنی ئەو بەیاننامەیە، لەهەولێر بۆی چووە سەرشانۆی سالۆنێک کە ڕێورەسمی یادو بیرەوەریی ڕێبەرانی ئێعدامکراوی کۆماری کوردستانی لێ بەڕێوە دەچوو. ناوبراو لەگەرماوگەرمی ڕێورەسمەکەدا کە خەلک دروشمی بژی یادی کۆماری کوردستانیان بەدەنگی بەرز دەگوتەوە، لە بەشداران پارایەوە کە باسی کۆماری کوردستان نەکەن، چونکە ئەو تۆمارێکی لە باخەلیدا هەیە کە بازارییەکانی مەهاباد ئیمزایان کردووە و خودموختارییانویستووە.(مەفهوومەکەی راگوێزراوە).

بزرناوانی بنکەی ژین لە خۆیان نەپرسیوە بۆچیو بە چ مافێک کەماڵ فوئادو بنکەی ژین خۆیان کردووەتە دەمراستی "حیزبی دێموکراتی کوردستان"و سەنەدێکی تەزویرکراو بەناوی تەشکیلاتێک بلاو دەکەنەوە کە لە ١٩٤٦ کۆتایی بەژیانی هاتووە؟ ئەو بەناو "بەیاننامەیە" ئەگەر وجودی راستەقینەی هەبوایە، دەبوو لە یەکێک لەو رۆژنامانەی کە بنەماڵەی نیشتمانپەروەری رەوانشاد رەشید باجەلان دابووی بە بنکەی ژین چاپ کرابایە.

کەسێکی وەکو کەماڵ فوئاد کە کەمترین شارەزایی لەسەر مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانو مەسەلەی کورد هەیە، دەتوانێ لەهەموو شوێنێک بیرو بڕوای خۆی سەبارەت بەهەر مەسەلەیەکی سیاسیی دەربڕێ. بەناوی کوردەوە یان تەنزیمەکەیەوە، دژ بە ڕێبەرانی کۆماری کوردستان رەخنەی هەبێو بینووسێو بلاوی بکاتەوە. بەلام ناوبراو مافی ئەوەی نییە بەیاننامەیەکی تەزویرکراو بە هەرمەبەستێک کە بلاوی دەکاتەوە بترینجێنێتە نێو رۆژنامەکانی کۆماری کوردستانو بەبێ ئەوەی بتوانێ رەسەن بوونەکەی بسەلمێنێ یان سەرچاوەکەی بناسێنێ بە بەڵگەی باوەرپێکراوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لەقەڵەم بدا.

---

3 HTTP://WWW.BINKEYJIN.COM/DIREJE.ASPX?JIMARE=89

ناوبراو بێ ئەوە وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە کە لەوەبەر لێیکراوە سوکو سانا لە گۆڤاری (بەدرخان)دا رایگەیاند: دوکتور کەماڵ فوئاد بەیاننامەی کۆمەڵەی دێموکراتی کوردستان" ئەیلولی ١٩٤٥ بڵاو دەکاتەوە "ئاو بێنەو دەستان بشۆ."

نوسخەی بەیاننامەکەی کەماڵ فوئاد، کورتەیەکی تێکەڵو پێکەڵو ساختەی بەیاننامەی ١٢ ماددەیی ١٢ شەهریوەری "فرقە دمکرات آذربایجان"ە.

رێکەوتی "دامەزرانی" حدک بە پێی ئیددیعای ئەو حیزبانەی کە دوای روخانی کۆماری کوردستان پێک هاتوون' ٢٥ گەلاوێژی ١٣٢٤ " راگەیەنراوە. بەشێک لە کارگێرانی فیرقەیی کورد، یەکی ئابانی ١٣٢٤ یان بەرۆژی "دامەزرانی" حدک دیاریی کردووە. کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد ٢٥ گەلاوێژی سالی ١٣٢١ ی راگەیاندووە. بەلام واقعییەت ئەوەیە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرنامەیەکی دیکەی جیا لە بەرنامەو ئامانجی دیاریکراوی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد نەبووە.

سەیر ئەوەیە دەقی بەیاننامەکەی کەماڵ فوئادو د. رحیم سیف قاضی، وەکو گوترا کورتکراوەی ناتەواوو تێکەڵو پێکەڵی بەیاننامەکەی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان بووە کە ١٧رۆژ دواترلە ٢٥ ی ئیددیعاکراوی حیزب دامەزراوە.

جیاوازیی حیزبی دێموکراتی کوردستانو فرقەی دێموکراتی ئازەربایجان لە ئامانجی راگەیەندراویاندا بووە. "فرقە دمکرات آذربایجان" خوازیاری خودموختاریی لە چوارچێوەی ئێرانی شاهەنشاهیی‌دا بوو. بروانە بەرنامەی سیاسیی ١٢ ماددەیی ١٢ شەهریوەری١٣٢٤فرقە دمکرات آذربایجان. بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستان، سەربەخۆییخواز بوو. بەرنامە سیاسیی– یەکەی لە هەڵکردنی ئالای سەربەخۆیی، دامەزراندنی ئەرتەشی یەکگرتووی کورد، وەدەرنانی ئاخر پاشماوەی دەسەلاتی داگیرکەر لە بەشێک لە کوردستانی رزگارکراوو ئاخر سەر لە ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان‌دا خۆی پێناسەکردووە. پرسیارئەوەیە کە ئەو بریارە سیاسیی‌یە جێبەجێ کراوانە چ پێوەندیی‌یەکی بە خودموختاریی ئیددیعاکراوی حیزبەکانی" تودە ایران، فرقە دمکرات آذربایجان د.رحیم سیف قاضی، کەماڵ فوئادەوە هەیە؟ "

## چەمکی خودموختاریی و مێژووی بەکارهێنانی

کەماڵ فوئادو روونکەرەوەنووسان نە لە مانای خوموختاریی‌و مێژوی بەکارهێنانی ئەو چەمکە شارەزان، نە شارەزای مێژووی حیزبی دێموکراتو ئامانجی رێبەرانی کۆماری کوردستانن.

لە رابردووەوە تا ئەمرۆ خودموختاریی بە دوومەفهوم بەکار هێنراوە.

- یەکەم، دامەزراندنی ئەو شێوە سیستەمەی کە لە سۆڤێتی بەرێ‌دا پێکهاتو خۆی نەگرت.
- دووهەم، خودموختاریی بەمانای سەربەخۆیی گەلێک کە خوازیاری خۆبەڕێوەبەریی‌و قانونخۆیی‌یە کە لە یونانی کەوندا بە ئۆتۆنۆمیی پێناسەدەکرا.

له قانونی مەشروتییەتی ئێراندا"انجمن ایالتی و ولایتی" پێشبینی کرابوو. ئەوەش نەوعێک خودموختاریی یان لامەرکەزیی واتە دابەشکردنێکی ئیداریی ولات بۆ ئاسانکردنەوەی بەڕێوەبردنی قانوون‌و بڕیارەکانی حکومەتیی ناوەندیی بووە.

ئەوەی کە لە بەیاننامەکەی کەماڵ فوئاددا بە ناوی بەرنامەی سیاسیی حدک بڵاو کراوەتەوەو بەسەر ڕێبەرانی کۆماری کوردستان‌دا بڕاوە، دژی قانوونی ئەساسیی حکومەتی شای ئێران نەبووە کە داواکردنەکەی تاوان و سزای لەسێدارەدان بووبێ.

ڕێبەرانی کۆماری کوردستان بە تاوانی سەربەخۆیی‌خوازیی‌و ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان ئێعدام‌کران، نە ئەو خودموختاریی‌یەی کە لە بەیاننامەکەی کەماڵ فوئادو فرقەدا نووسراوە. بڕوانە ئێعلامییەی سەر لەشکر هومایونی لە ئاخری نووسراوەکەدا.

کەماڵ فوئادو ڕوونکەرەوەنووسانی بنکەی ژین حاشا لەو هەموو بەڵگەیە دەکەن کە لە لێکۆڵینەوەکەی خاوەنی ئەم قەڵەمەدا ئیشارەیان پێکراوە.

ڕەنگە "نطق"ی پێشەوا قاضی محمد کە لە ژمارە ١٠ و ١١ ڕۆژنامەی کوردستان(ی ١٣٢٤٥) لەمەر یەکبوونی ئامانجی سیاسیی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردو حیزبی دێموکراتی کوردستان‌و یەکبوونی ئەو دووحیزبە لە لایەن چێکەرانی بەیاننامە تەزویریی‌یەکەی کەماڵ فوئادو د.رحیم قاضی‌یەوە نەخوێندرابێتەوە. لەمەر گۆڕینی ناوی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد بە حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕەنگە چێکەرانی بەیاننامەکەی د.کەماڵ سەرنجی ڕاپۆرتی چوون وگەڕانەوەی جەنابی قاضی محمد بۆ باکۆو دیداری سەرۆک کۆماری خودموختاری ئازەربایجانیان لە ڕۆژنامەی کوردستان‌دا نەخوێندبێتەوە. بەشێک لەو "نطق"ە بۆ ئاخری ئەم بەشە ڕاگوێزراوە.

د.کەماڵ فوئاد بە پێچەوانەی ڕوونکەرەوەنووسانی بنکەی ژین، لە تەزویریی بوونی بەیاننامەکەی ئاگادار بووە. ناوبراوزانیویە هەر هەوڵێکی کە بۆ داکۆکیی‌کردن لە خۆی ولە بەڵگەنامە تەزویریی‌یەکەی بدا، تێیدا سەرکەوتوو نابێ. پێی باشتر بووە کە بە ڕەوتی ڕۆژگاری بسپێرێ‌و بێ‌دەنگەی لێ بکا. ئەو سکوت‌و بێ‌دەنگیی‌یە ساڵگەڵێکی خایاند. لەو ماوەیەدا کتێبی "پس از شصت ساڵ زندگی و خاطرات جلال طاڵبانی" نووسینی عرفان قانعی فرد کە بە سەرپەرشتیی د.کەماڵ فوئادو "مامۆستا" ناظم عمر دباغ لەکڵ هاتە دەر. ئەوکتێبەش دوای بڵاوبوونەوە لە لایەن " جەلال تاڵەبانیی','سەرۆک کۆماری عێراقەوە، بەرەسمیی بێ‌ئیعتیبارو تەزویریی ڕاگەیەندرا. ئەو ڕوداوە وەکودیاردەیەکی نوێ لە بەربەرەکانیی ڕژیمە داگیرکەرەکان دژی مێژووی ڕزگارییخوازیی کورد، هاتە ئاراوە. لێرەدابوو کە ڕوونکەرەوە نووسانی بنکەی ژین بێ ئەوە موخاتەبی نووسەری ئەو لێکۆڵینەوەیە بن کە لە ساڵی٢٠١٠ بڵاوکراوەتەوە ئەو وتارەیان بەو بەڵگەو استدلال و ڕاوێژەی خوارەوە بە نوێنەرایەتیی کەماڵ فوئاد بڵاو کردەوە.

"هەموو هەڵڵایەکی کاک حەسەن لەسەر ئەوەیە -گوایە- ئەو بەیاننامەی دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان، کە کراوەتە پاشکۆیەکی (81) ژمارەی ڕۆژنامەی "کوردستان"ی بەرهەمێکی بنکە، ساختەو دورستکراوە، بۆیە چیرۆکێکی خەیاڵکردی لەو ڕووەوە بۆ هەڵبەستووە!
بەپێویستی دەزانین بە ڕاشکاوی و ئەوپەڕی پێداگرتنەوە بڵێین: نەخێر، ئەم بەیاننامەیە ڕاستەقینەو ڕەسەنەو هیی جێیەکی یەکجار متمانەپێکراوە، ئێمە لە (بنکەی ژین) دیومانەو هیچ گومانێک هەڵناگرێ. تا ئێرە وەلاٚمێکی بنەبڕی گومانەکەی کاک حەسەنە. بەلام لەبەر ئەوەی کۆمەڵێک بۆچوون و قسەی بۆ چەواشەکردن و شێواندنی ڕاستیەکان، بەپێی تێگەیشتن و بیری ئەمڕۆی خۆی خستووەتە ڕوو، ناچارین لە ئاستیاندا بێدەنگ نەبین."

## شرۆڤەیەکی داکۆکیی کردنەکەی نوێنەرانی بنکەو دەوری کەماڵ فوئاد!!

ڕوونکەرەوەنووسان"ڕاشکاوانەو بە "ئەو پەڕی پێداگرتنەوە"دەڵێن: "نەخێر، ئەو بەیاننامەیە ڕاستەقینەو ڕەسەنەو هیی جێیەکی یەکجار متمانەپێکراوە، ئێمە لە (بنکەی ژین)دیومانەو هیچ گومانێک هەڵناگرێ. تا ئێرە وەلامێکی بنەبڕی گومانەکەی کاک حەسەنە."

ئەو وتەیە ئیددیعایەو موددەعیی دەبێ ئیددیعاکەی بسەلمێنێ. "البينة علیالمدعی و اليمين علی من انكر" پێشتر دەلیلو بەڵگەی تەزویریبوونی ئەو بەیاننامەیە لە لایەن خاوەنی ئەو قەلەمەوە بڵاو کراوەتەوە. ڕوونکەرەوە نووسان کە پێیان خۆشە ڕاشکاوانە بدوێنو پێ لەسەر درووستیی بەیاننامەکە دادەگرن، با "ڕاشکاوانە" بە خوێنەر ڕابگەیەنن کە ئەوان لە بنکەی ژین "کێن"و ناویان چیە؟ چپێوەندییەکیان بەو بابەتەوە هەیە؟ بۆچی بە ناوێ نهێنییەوە خۆیان کردووەتە محامیی کەمال فوئاد وبەو داکۆکییە لاوازو بێ بەڵگەیەی لێیان کردووە، مەحکوومیان کردووە؟ باڕاشکاوانە ئەو کەسەی کە جێیمتمانەیە وئەو بەرگە تەزویرکراوەی لەلابووە، لەسەر ئەو بەڵگەنامەیە بدوێ. کەماڵ فوئاد بە گوێرەی ڕاگەیاندن ونووسینی خۆی و هەوڵ و تێکۆشانەکەی بە خاوەنی ئەو بەڵگەنامەیە دەناسرێ. ئەو دەبێ پەردە لەسەر سوڕی ئەو تەزویرەو کەسانێک کە کردوویانە لابدا.

تێوەگلاندن وڕاکێشانی بنکەی ژین بۆ نێودنیای تەزویر، نهێنیکاریی، ناشەفافییو شاردنەوەی واقعییەتی مێژوویی وبەکارهێنانی ئەدەبیاتی خێڵەکیی و نەژیاریی و هێرش بردنی نارەوا بۆسەر ڕەخنەگرانی کاری ناتەواوی کارگێڕانی بنکەی ژین، ئیعتیباری ئەو بنکە فەرهەنگییە لەرزۆک دەکا. نابێ "بنکەی ژین" بکرێتە بنکەی تەزویر. ئەو ڕەوتە زیان بە تەنزیمە سیاسییەکانی دامەزرێنەری ئەو شوێنە فەرهەنگیانەش دەگەیەنێ.

خۆتێهەلقوتاندنی کارگێڕانی بنکە بەناوی نهێنییەوە لە کارێکدا کە لەچوارچێوەی ئەرک و زانستی کارگێڕاندا نەبووە نارەوایە. با کارگێڕانی بنکەی ژین، بەناوی ئاشکرای خۆیانەوە بنووسن، ئەرکیخۆیان بەرێوەبرن وبە وتەی خۆیان لەبەر" کەمیی ماددی و مرۆیی" هەڵەی سیاسیی نەکەن. با ڕێگەبدەن هەرکەسێک کاریکی هەڵەی کرد خۆی داکۆکییلەخۆی بکا. نووسەری ئەم

لێکۆڵینەوەیە چاوەڕووانە شەخسی د.کەماڵ کە موددەعیی ڕەسەنبوونی ئەو بەیاننامە تەزویرکراوەیە بە پێی بەڵگەی سەلمێنەررەسەن بوونی بەیاننامەکە بسەلمێنێ." ئەو پەڕی پێداگرتن" فتوایەکی بێبەڵگەی موفتییەکی بزرناو"دەلیلی رەسەن بوونی ئەو بەیاننامە تەزویرییە و" وەڵامێکی بنەبڕ" بۆ خوێنەرانو "کاک حەسەن" نین.

## بەڵگەی دیکە بۆ سەلماندنی تەزویریی بوونی بەیاننامەکەی کەماڵ فوئاد

بەڵگەیەکی دیکەی تەزویریی بوونی بەیاننامەکەی کەمال فوئاد لە دەقی بەیاننامەکەدایە. بەڵگەکە سەلمێنەرەو پێویست بە بەڵگەی دیکە ناکا. بەقەولی ڕوونکەرەرەوە نووسانی بنکە **دەلیلی بنەبڕی** تەزویریی بوونی بەیاننامەکەی کەماڵ فوئادە. واتە دەرفەتی مانۆردان، حاشالێکردن"ناشەفافیی" و دەمارگرژیی بۆ ڕوونکەرەوەنووسانی بزرناو ناهێڵێتەوە.

با وێکرا شەجەرەنامەی "بەیاننامە"ی کەسە متمانە پێکراوەکەی ڕوونکەرەوەنووسانی بنکەی ژین بخوێنینەوەو بزانین ئەو منداڵە بێ ڕەچەڵەکە لە کوێ لەدایک بووە؟ گوێزەبانەکەی لەکوێ خوراوە؟ بەشدارانی ناودێرکردنی کێ بوون؟ لە کوێ شوناسنامەی بۆ وەرگیراوەو پێناسەکەی بە چ خەتێک نووسراوەو شایەتەکانی کێن؟

بەر لەوە وردەکارییەکانی بپشکنین با لە خەتی بەیاننامەکە بڕوانین، بۆ ئەوە بزانین بە چ شێوە خەتێک نووسراوە و باوکی شەرعیی‌و قانوونییەکەی کێیە؟

ئەو شێوەخەتەی کە ئەو بەیانامەیەی کەماڵ فوئادی پێنووسراوە ئەو شێوەخەتە نییە کە لەساڵەکانی ١٣٢٤—١٣٢٥ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان باو بووە. واتە ئەو شێوەخەتە فارسییە نییە کە ڕۆژنامەی کوردستان، گۆڤاری هەڵاڵە، گڕوگاڵی منداڵانو دەسخەتەکانی خەلکی ئاسایی پێ نووسراوە.

ئەگەر بەیاننامەکە بەو شێوەخەتە نەنووسرابێ یان ئاڵو گۆڕێکی تێدا کرابێ، بێ سێ‌و دوو– لێکردن حوکم بە ناواقیعیی بوون‌و تەزویریی بوونەکەی دەدرێ‌و دەردەکەوێ کە بەیاننامەکە تەزویرییە.

ئەو شێوە نووسینەی کە بەیاننامەکەی کەماڵ فوئادی پێ نووسراوە هی ئەو سەردەمەیە کە ڕێفۆرمێک لە ڕێنووسی زمانی کوردییدا کراوە کە پێشتر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا نەهەبووەو نە باو بووە.

لەساڵەکانی ١٣٢٤–١٣٢٥و پێشتریش شێوە نووسینی فارسیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا باو بوو. ساڵیانێکی زۆر دوای ڕوخانی کۆماری کوردستان، ڕێفورمێک لە ڕێنووسی کورییدا کرا و لە شێوە نووسینی زمانی فارسیی جیاکردەوە. ئەو ڕێفۆرمەی لە شێوە نووسین کوردییدا کرا زمانی کوردیی بردە ڕیزی زمانە پێشکەوتووەکانی سەردەم. ڕێفۆرمەکەش نیشانەگەلێک بوون کە

بۆ هێندێک پیتی دەنگدارو "ڕ"ی قەڵەو و "ێ" و "ۆ" ... داندران و پیتی ، ص،ض، ط، ظ لە ئەلف و بێی لە نووسینی کوردیی‌دا وەلا نا.

بۆ ئەوە دروستی ئەو واقعییەتە بۆ بینەر ئاشکرابێ، تکایە بروانە رۆژنامەکانی کوردستان‌و شێوەنووسینەکەی، گۆڤاری هەڵاڵە، گڕوگاڵی منداڵان‌و دەسخەتەکانی خەلکی ئاسایی، ئەندامانی کۆمەلەی ژیانەوەی کوردو بەتایبەتی دەسخەتی جەنابی قاضی محمدو کارگێرانی کۆمار لەسەردەمی کۆماری کوردستان. لەو سەردەمەدا هیچ نیشانەیەک بۆ پیتی دەنگدارو [ڕ] [ڵ][ ۆ] [ ێ]دانەدەندران و پیتەکانی ص.ض،ط و ظ لە نووسیندا وەکو زمانی فارسیی دەنووسران. بەڵام ریفۆرمەکە ئەو شێوە نووسینەی گۆڕیی.

ئەو بەیاننامەیەی کەماڵ فوئاد ئەگەر بەو شێوەیە کە رۆژنامەی "کوردستان"ی١٣٢٤–١٣٢٥ پێ‌نووسراوە، نووسرابایە، روونکەرەوە نووسان‌و کەماڵ فوئاد ئەگەر دەلیل‌و بەڵگەیەکی دیکە بۆ تەزویریی بوونەکەی لە دەستدا نەبووایە دەیانتوانی ئیددیعا بکەن کە ئەو بەیاننامەیە رەسەنە.

بەڵگەیەکی هەرەگرنگی دیکەش کە رەت‌ناکرێتەوە، دەقی "نطق"ی پێشەوا قاضی محمد ە کە لەژمارەی ١٠ و ١١ ی رۆژنامەی کوردستان رێکەوتی ١٥ و ١٧ رێبەندانی ١٣٢٤ دا نووسراوە.دواتر تکایە دەقی بەیاننامەکە و شێوەنووسینەکەی‌و بەراوەرکردن یان قیاس کردنەکەی لە نوتقی جەنابی قاضی محمددا ببینە کە لەو بەشەدا دەخرێتە بەرچاوی خوێنەر.

کەمال فوئادو بنکەی ژین‌و نووسراوەکانی رەوانشاد د. رحیم سەیف قاضی‌و هەرکام لەو نووسەرانەی کە کتێبیان لەسەر مێژووی کۆماری کوردستان‌و حیزبی دێموکراتی کوردستان نووسیوە، دەبێ نیشان بدەن کە بەیاننامەی [دامەزرانی] حیزبی دێموکراتی کوردستانێک کە ئەوان ئیددیعای هەبوون و رەسەن بوونی دەکەن، دەبێ بەو رێنووسە نووسرابێ کە لەو سەردەمەدا باو بووە.

## بەشێک لە تایبەتمەندیی‌یەکانی بەیاننامەکەی د. کەماڵ فوئادو بنکەی ژین:

جیا لە چەند بەڵگەی سەرەکیی کە دواتر باسیان دەکرێ، بۆ ناساندنی وردتری ئەو بەیاننامەیە ئیشارە بەو تایبەتمەندیی‌یانەش دەکەین کەلە لێکۆڵینەوەکەی پێشتردا باسیان کرابوو.

- رێکەوتی نوسین‌و دامەزرانی ئەو رێکخراوەیەی کە لە بەیاننامەکەی د.کەماڵ فوئاددا بە "کۆمەڵەی دێموکراتی کوردستان" ناودێرکراوە، نامەعلوومە.

ئەو رێکەوتەی کە لە بەیاننامەکەی کەماڵ فوئاددا بۆ دامەزرانی حیزب دیاریی کراوە، ئەو رێکەوتە نی‌یە کە کەسانی‌دیکە پێشتر بۆیان دیاریی کردووە. لە ٢٥ گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤ی "حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە،'تا ١ ئابانی سالی ١٣٢٤ی گۆڤاری کوردستان" کە کەس نەیدیتووە تا ٢٥گەلاوێژی سالی ١٣٢١ کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد و" نطق"جەنابی قاضی محمد کە خەتێکی سوور بەسەر هەموو ئەو رێکەوتانەدا دێنێ، کە رۆژی دامەزرانی کۆمەڵەی ژێکافی بە رۆژی دانانی حیزبی دێموکراتی کوردستان داناوە تا ئەیلولی ١٩٤٥ی

د. کەمال فوئاد. ئەمانە هەموو رۆژی دامەزرانی حیزبن. کەمال فوئاد لەبیری چووە رۆژی دامەزرانی کۆمەڵەکەی بنووسیۆو تەنیا ناوی مانگو ساڵەکەی نووسیوە. ئەم تێکەڵو پێکەڵییە حیکایەت لەوەدەکا کە سەرچاوەی ئەو زانیارییانە کە بۆ دامەزرانی حدک ڕاگەیەندراوە دروست نەبوون. واتە نطقی جەنابی قاضی محمد لە ژمارەکانی ١١و ١٠ رۆژنامەکانی کوردستان‌داو باسکردنی ئاکامی سەفەرەکی جەنابی قاضی محمدو هەیئەتی هاوڕێی بۆ باکۆ بۆ خەلکی مەهاباد و باس کردن لە هەموانی کردنی حیزبو گۆڕینی ناوی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد بە حیزبی دێموکراتی کوردستان، سەلمێنەری ئەو واقعییەتەیە کە بەیاننامەگەلێکی ئەو تۆ کە ساڵگەلێ دواتر لەلایەن د. ڕەحیم سەیف قازیی و کەمال فوئاد بڵاوکراونەوە لە راستیی بەدوورن. چۆن دەکرێ بەیاننامەی دامەزرانی حیزب بنووسرێ، بەڵام رۆژ و مانگ و ساڵی دیاریی نەکرابێ. ئەوەی کە رۆژی ٢٥ گەلاوێژ ١٣٢٤ لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی "ئێران "بەرەسمیی بە رۆژی "دامەزرانی"حیزبی دێموکراتی کوردستان راگەیەندراوە هیچ بنەمایەکی‌نەبووە. ئەو بەناو بەیاننامەیە نە ناوی دامەزرێنەرانی "کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد" نە ناوی ئەندامانی ناسراوی کۆمەلەو نە نەناوی کارگێڕانی دەولەتی کۆماری کوردستانی پێوەیە.

- ژمارەیەک ئیمزاو ناوگەلێک کە بەداوێنی "بەیاننامە"کەوە لکێندراون، بە خەتو ئیمزای دوو نیگارکێشیی نەناسراو تەزویر کراون.
- دەق و ناوەرۆکی ئەو بەیاننامەیە لەگەڵ بەیاننامەکەی د. رحیم سیف قاضی، قایم مقامی سکرتێری فیرقەی دێموکراتی آذربایجان کە بۆ ئەندامێکی "کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی" ناردبوو کە لەلێکۆڵینەوەکەدا باسی کرابوو، جیاوازە. بەیاننامەکەی"د. رحیم سیف قاضی"یش سەرچاوەیەکی باوەر پێکراوی نییە. هەموو ئەو بە ناو کتێبو نامیلکانەی کە لە لایەن فرقەی دێموکراتی آذربایجانەوە سەبارەت بە حیزبی دێموکتاتی کوردستان بڵاو کراونەتەوە لەچەشنی ئەو بەیاننامەیەن کە د.کەماڵ فوئاد بڵاوی کردووەتەوە. ئەو نامیلکەو کتێبانەی کە لەسەر کۆماری کوردستانو پێشەوا قاضی‌محمد بە ناوی د. رەحیم سیف قازیی‌یەوە نووسراون، سەرچاوەی باوەرپێکراویان نییە.د. رحیم سیف قاضی دوای ئەوەی لە ١٩٤٥ لەگەڵ خوێندکارەکانی کورد ناردرا بۆ باکۆ، بوو بە ئەندامی" فرقە دمکرات آذربایجان"و تا پلەی جێگری قائم‌مقامی "فرقەی دموکرات آذربایجان" هەڵکشا.
- د. رحیم قاضی پێش چوونی بۆ باکۆ پێشمەرگەی کۆماری کوردستان بووە. هەستی خۆشەویستیی خۆی بۆ کۆماری کوردستانو سەرکۆمارەکەی دەربڕیوە. لەو کاتەدا ناوبراو باسی لە خودموختارییو حکومەتی خودموختار نەکردووە. بروانە رۆژنامەی کوردستان ژمارە٩ لاپەڕەی ٣٤ سالی ١٣٢٤هەتاویی!

- د. کەماڵ فوئاد لە ساڵیادی بیرەوەریی دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٧ لە هەولێر چووە سەرشانۆی ساڵۆنی ڕێو ڕەسمەکەو هەوڵی دا گەلاڵەی مێژوویەکی دیکە بۆ کۆماری کوردستانو ئامانجو بەرنامەیەکی ئێرانیی پەسند بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان دارێژێ. ڕوونکەرەوە نووسانی بنکەی ژین کە بێگومان بۆ نووسینی وتارەکەیان پرسیان بە کەماڵ فوئاد کردووە، بە هۆی ناشارەزایی لە مێژووی کوردستان لەزۆرجێگا بابەتەکەیان بۆ شرۆڤە نەکراوە .
- د. کەماڵ فوئاد لە ساڵی ٢٠٠٧ "بەیاننامە"ێ [دامەزرانی] کۆمەڵەی دێموکرات کوردستان]ی کە هەرگیز ناوێکی ئەوتۆ بۆ حیزبی دێموکرات بەکار نەهێنراوە بە پێچەوانەی پرەنسیپو بنەماکانی ڕۆژنامەگەریی لە ڕێزی ڕۆژنامەکانی کۆماری کوردستان، بە فارسییو کوردیی چاپ کردو ڕایگەیاند:"دوکتور کەماڵ فوئاد، بەیاننامەی کۆمەڵەی دێموکرات کوردستان ئەیلولی ١٩٤٥ بڵاو دەکاتەوە.( گۆڤارۆکی بەدرخان ، نیسانی ٢٠٠٧).
- بەیاننامەکە بە چەند شێوەی تایپکراو چاپکراو، دوو جۆر دەسخەتو ژمارەیەک ئیمزای تەزویرکراو سێ چەندان ناوی بێ ئیمزای پڕ لە هەڵەو نەناسراو هەروەها ناوی بێ ئیمزا کە کەماڵ فوئادو ڕێزدار حەسەن قاضی هەڵەکانیان ڕاست کردوونەوە بەڵگەی تەزیویرەکەیە. مەگەر دەکرێ کەسێک دامەزرێنەری حیزبێکی سیاسیی بێ بەلام ناوی خۆی بەهەڵە بنووسێ یان نەزانێ ناوی خۆی بنووسێ؟!
- دەیان سەرچاوەی بیانی، بەڵگە، سەنەد، دەلیل، وتووێژی ئاگادارانی بابەتەکە، سەرچاوەی مێژوویی، قەرینە(هاوچەشنی)، ئەمارە (نیشانە)، ڕاپۆرتی ڕەوانشاد مەناف کەریمی، وەزیری فەرهنگی کۆماری کوردستان، وتووێژی ڕەوانشاد محەممەد شاپەسندیی، نووسەری ڕۆژنامەی "کوردستان"ی سەردەمی کۆماری کوردستان، دەقی بەیاننامەکە، خەت، ئیمزا 'ڕاپۆرتی کۆنگرەێ یەکەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان (ژمارە ٣٠٢ ڕۆژی ٦ خەزەڵوەری ١٣٢٩) ڕۆژنامەی کوردستان چاپی باکۆ، وتووێژی ئەندامانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردو ڕۆژنامەکانی کوردستان(١٣٢٤–_ ١٣٢٥)و بە سەدان بەڵگەی باوەڕپێکراو، دەیسەلمێنن کە بەیاننامەیەکی ئەوتۆ کە کەماڵ فوئاد لە ساڵی ٢٠٠٧ دابووی بە بنکەی ژینو لە گۆڤارۆکی بەدرخاندا لە برلێن چاپی کرد، لە ساڵانی ١٣٢٤و ١٣٢٥ دا وجودی نەبووەو نەنووسراوە.

**"نطق"ی پێشەوا قاضی محمد و بەیاننامەکەی کەماڵ فوئاد**

-"نطق"ی جەنابی قاضی محمد کە لە ژمارەی ١٠ و ١١ڕۆژنامەی کوردستان ١٥ و١٧ ڕێبەندانی ١٣٢٤ چاپ کراوە، خەتی سوور بە سەر هەموو کتێبو نامیلکەو بەیاننامەو پرۆگرامی ئەو سازمانو حیزبانەدا هێناوە کە بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان (ساڵەکانی ١٣٢٤ –١٣٢٥)

نووسراون که له خودموختاریيخوازیی حیزبی دێموکراتی کورستان دواونو بەرنامەی سیاسیی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجانیان بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆپێی کردووه. جەنابی قاضی محمد لەو نوتقەیدا، دوای باسکردنی کورته مێژوویەکی خەباتی ئەمیرو پاشاکانی رابردووی کورد، له بەشێکیدا باس له ژیانی پڕ له کەسەرو کوشتو بڕی ئەو سیستمه ملهوڕەی رەزاخانی پەهلەویی کردووه که کۆتایی پێهاتووەو رووداوەکانی شەهریوری ساڵی ١٣٢٠هەتاویی و پێکهێنانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لەو کاتەدا باس کردووه:

**تێبینی:** رێنووسی وتەکان نەگۆڕدراوەو بەو شێوەیه که له رۆژنامەی کوردستاندا چاپ کراوه.

قاضی محمد له درێژەی "نطق"ەکەیدا دەفەرموێ:" ...تا له **شهریوەری** ١٣٢٠دا فریشتەی آزادی دەستگای دیکتاتۆری و فاشیستی رضاخانی تیکشکاندکوردلەو هەموفشاروانیتەکمی فارغ بو فوری احساسی کرد، چون دەبێ له فرصت استفاده بکات و ریگای صلاح و وەدەست خستنی آزادی ئەو ملتەچیه و چبکا_ پیاوانێکی به بیروهوش وبەشرف که زور له میژ بو خویناوی دلی خویان دەخواردەوه و بو ذلیلی ئەو ملته دوکەل له دەرونیان دەهاتەدەری زور زو تشخیصیان دا که وختی کاره و لەو فرصتەدەبی بەهره وەرگیری و ئەوه تەواو ئەر روژەیه که پشتاوپشتمان چاوەروانی بون یەکجارخیرا بی وچانو راویستان دەستیان به کار کرد **حزبی دیموکراتی کوردستانیان** تشکیل دا و بەدەستوبرد خریکی کاروباری ملی بون وبه چاویکی ورد و به دقت احتیاج و پیداویستی کوردیان تشخیص دا و بەدی کرد.

لەپێش همو شتیکدا اختلافات و دوبەرەکانی عشایری که به دەسیسه و حیلەبازی استعمارچی و دیکتاتوران بو استثمارو خواردنوکروساندنەوەی ئەو ملته به قولی خویان (تفرقه بیندازو حکومت کن) دەبەینی خستبون تا ئەندازەیەک ئەو ئاوره بلیسەی سەندبو برای دایک وبابی له یەک ترازاندبوبکلی له گوری هەڵگیرا نیوی عشیرەتو طوایفو هرچی اسبابی ئەو نفاق و پرشوبلاویه بو فریدرا و عموما له ژیر عنوانی **حزب دێموکراتی کوردستاندا** کوبونەوه و یەکدل و یەک زمان تیکرا بەرەو ئامانجی آزادی کەوتنەری...".

پێشەوا قاضی محمد له درێژەی "نوطق"ەکەیدا ئەوکارانەی که لەژێر رێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا کراوه که بریتییبوون له دانانی مەدرەسەو خویندن به زمانی کوردیی، دامەزراندنی چاپخانەو بڵاوکردنەوەی گۆڤارو کتێب، بەڕێوەبردنو کۆنترۆڵکردنی کاروباری بازرگانییو دانانی هێزی میللی ( ئەرتەش) بۆ بەرگریی و پاراستنی کوردستان دەکا.

پێشەوا قاضی محمد له کۆتایی "نطق"ەکەیدا باس له تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان که له واقیعدا بەرێوەبردنی بەرنامەکەیەتی دەفەرموێ:"" دیاره موفقیتی ایمه سەراسەر له عینی مرامی دینوکراسی و له نتیجەی فعالیتی **حزبی دیموکراتی کوردستان** و به پشتیوانی عالەمی دیموکراته لەبەر ئەوه دڵێن: بژی موئسسین دێموکرات.

ملتی کورد هەزاران بەرهەلستی سەخت و سەهەندەی لە ری دابودەستەو دایرەی دیکتاتوری بی وچان کارشکنی ایمەیان دەکرد و لەهیچ نامردیک رانەدەوەستان اختلافاتی عشایری وداخلیش ئشکالی کی گورە بو بوایمە اما ئەوانە هیچکامی نەیان توانی پیش بە ایمە بگرن بە دلیکی بەهیز پایداریمان کردو ادامەمان بفعالیتی خوماندا تا **استقلال و آزادی نەتەوەی کوردمان بدست هینا.**

لێرەدایە کە "بەیاننامەی ٨ماددەیی بەناو کۆمەلەی دێموکراتی کوردستان" کەمال فوئاد و فرقەی دێموکراتی د.رحیم قاضی دەکەونە ژێر پرسیار و خەتی سوور بەسەر رەسەنبوونیاندا دەکێشرێ. چونکە جەنابی قاضی محمد لە "نطقو وتووێژەکانیدا باسی بەیاننامەی [دامەزرانی] " کۆمەلەی دێموکراتی کوردستان" و رۆژی٢٥ گەلاوێژی ئیددیعاکراو بۆ دامەزرانی حیزبی دێموکرات یان ١ ئابانوئەیلولی ١٩٤٦ و بەرنامەو پرۆگرامە٨ماددەیییەی نەکردووە کە کەمال فوئادو د.رەحیم سیف قاضی بلاویان کردوونەوە. لەو ٨١ ژمارەیەی "کوردستان" ئۆرگانی حیزبیدێموکراتی کوردستانی سلەکانی ١٣٢٤و ١٣٢٥دا نە باسێک لە رۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کراوە نەبەرنامەی خودموختاریی ئەوحیزبە و  و نەشرۆڤەکردنەکەی و نە نووسراوەیەکی نووەرێکی ئەو رۆژنامەیە ئاماژەیەکی بەو بەرنامە ئیددیعاکراوەی د.ڕحیم قاضی و کەمال فوئاد کردووە.  شرۆڤە کراوە و لەلایەن یەکێک لە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان (ناوی گۆڕدراوی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد)  شرۆڤە کراوە؟

دەبێ ئەو واقعییەتەش باس بکرێ کە  هەموو ئەو کەسانەی لە دوای روخانی کۆماری کوردستان لەسەر حیزبی دێموکراتی  کوردستان و بەرنامە سیاسییەکەی کتێب و نامیلکەیان نووسیوە، سەرچاوەی نووسینەکانیان بەرنامە سیاسییەکەی  فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان بووە.

 چاوخشاندنێکی کورت بەسەر بەرنامەی پەسندکراوی کۆنگرەی دووهەمی حیزبی دێموکرات کە لە سەرماوەزی ١٣٤٣ ی هەتاویی (١٩٦٤ زایینیی) پێک هات  ئەو راستییە دەردەخا کە ئەو خودموختارییخوازییەش لەو بەرنامە تێکەڵ و پێکەڵەی کۆنگرەی ٢ ئەحمەد تەوفیق و هاوڕێکانیدا کە مامۆستا عبدالله حسنزادە یەکێ لەو کەسانەبووە باسێکیان لە خودموختارییخوازیی حدک نەکردووە. دروشمی خەباتی پەسند کراوی کۆنگرەی ٢حدک، یەکێتیی، خەبات، و سەربەخۆیی بووە.  بەلام دروشمی خودموختارییخوازیی حدک  لە ١٩٧١ –١٩٧٣ وە بە پێشنیاری ایرج اسکندری، سکرتێری حیزبی تودەی ئێران بە د.قاسملوو و پێشنیارکردنی بە بەشدارانی کۆنفەرانسی سێهەمی حدک  لە ١٩٧١ و کۆنگرەی سێهەمی حدک لە ١٩٧٣پەسند کرا. رێی تێدەچی کە ئەو دوو بەیاننامەیەی کەماڵ فوئاد و د.رحیم سیف قاضی لەو سالانەدا نووسرابێ.

ئەو کەسانەی کە ئەو تەزویرەیانکردووە پێیانوانەبووە کەسێک بەڵگەنامەکانی کۆماری کوردستانی پاراستووە و رۆژێک بلاو دەکرێنەوە و ئەو تەزویرە ئاشکرا دەکرێ.

نووسەری ئەو لێکۆڵینەوەیە وێنەی دەقی بەیاننامەکەی کەماڵ فوئاد بۆ وردبوونەوە لە شێوەی نووسینەکەی دەخاتە بەر چاوی خوێنەر و داوادەکا بەوردیی سەرنجی بەیاننامەکەی کەماڵ فوئاد بدەن و لەو نیشانەگەلەبڕوانن کە بۆ **پیتی دەنگدار** و **لام و ڕ قەڵە**و... داندراون و سەرڕنجی شێوەنووسینی کوردیی جیاکراوە لە فارسیی دوای رووخانی کۆماری کوردستان بدەن کە ئەو بەیاننامەیەی کەماڵ فوئادی پێ نووسراوە.
ئەوە بەشێک لە بەیاننامەکەی کەماڵ فوئادە کە ساڵیانێکی زۆر دوای روخانی کۆماری کوردستان تەزویر( جەعل)کراوە.

## ٢- دەسخەتە کوردیی‌یەکەی " بەیاننامەکەی کەماڵ فوئاد

ئەو بە ناو بەیاننامەیەی د. کەماڵ فوئاد کە داویە بە بنکەی ژینو لەو چاپخانەیەدا چاپ کراوە دوای روخانی کۆماری کوردستانو بەر لە ساڵی ١٣٤٩ی هەتاوی نووسراوە. بەڵگەش ئەو شێوەخەتەیە کە بەیاننامەکەی پێ‌نووسراوە.
"نوطق"ی جەنابی قاضی‌محمد لە ژمارە ١٠ و ١١ رۆژنامەی کوردستان رێکەوتی ١٥و ١٧ ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤و ئەو شێوەخەتە کە بەیاننامەکەی پێ نووسراوە، هیچ جێگەیەکی بۆ کەماڵ فوئادو محامیی‌یەکانی بنکەی ژین نەهێشتووەتەوە کە بتوانن ئیددیعای رەسەن‌بوونی بەیاننامەکەیان بسەلمێنن. واتە بەیاننامەکەی کەماڵ فوئاد دواتر لە ساڵەکانی ١٣٢٥ی هەتاویی نووسراوە.
بەراوەردکردنی رێنووسی کوردیی لە سەردەمی کۆماری کوردستانو ساڵەکانی دوای روخانی کۆمار، ئێمە لە واقعییەتی ئەو تەزویرە ئاگادار دەکا.
یەکەم ژمارەی" کوردستان"ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان" لە رێبەندانی ١٣٤٩ (ژانویەی ١٩٧١) بەو شێوەیەی کە ئێستا پێی دەنووسری، نووسراوە. بەڵام پێشترو لە ساڵەکانی ١٣٢٤- ١٣٢٥ شێوەنووسینی فارسیی بۆ زمانی کوردیی بەکار هێنراوە. واتە نیشانەی پیتە دەنگدارەکان: ۆ، ئێ، ئە و"نیشانەی "ڕ" و"ڵ" ی قەڵەو دواتر لە سەردەمی کۆماری کوردستان بۆ نووسینی پیتە دەنگدارەکان بەکار هێنراون.

بچینەوە و بە تەواوی میللەتی کورد ... دابین بکەن

# ئەوەیە ئارەزووی ئیمە :

١ - میللەتی کورد لە ئیراندا لە هەلسوڕاندنو پێک هێنانی کاروباری جێگای ... ی ئازاد بێت و لە سنووری دەوڵەتی ئیراندا خودموختاری بێ

٢ - ئیزنی بە زمانی کوردی بخوێنێ و لە وڵاتانی کوردی دا کاروباری نووسین لە ئیدارەکانی دەوڵەتی دا هەر بە کوردی بێ

٣ - ئەنجومەنی وڵایەتی کوردستان کە قانوونی ئەساسی دەوڵەتی جێبەجێ دانەدرێ لە هەموو کارەکانی ئیجتماعی و دەولەتی دا چاوەدێری لێکا دێ و رابگا

٤ - مأمورینی دەوڵەتی هەر دەبێ لە خەڵکی مەحەلی بێ

٥ - بە بۆنەی قانوونێکی کوللی لە مابەینی رەعیەتو ئەرباب دا سازشت بە جێ بێ کە دواڕۆژی هەردوکیان تەئمین ببێ

٦ - بە تایبەتی کۆمەڵەی دیموکراتی کوردستان سەعی دەکات لە مابەینی میللەتی ئازەربایجان و ئەو نەتەوانەی کە لە ئازەربایجان دا دەژین « ئاسووری و ئەرمەنی و غەیرە » لە مبارزەدا یەکیەتی و برایەتی تەواو بەرقەرار بێت

٧ - کۆمەڵەی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی ئیستفادە لە سەرچاوەی [illegible] لە بیی زووری کوردستان و سەرکەوتنی ئومووری جووتیاری و بازرگانی و پەرەپێدانی ئوموری فەرهەنگی و لەشساغی بۆ چاکی حاڵی ئیقتصادی و مەعنەوی میللەتی کورد ملەی دەکا

٨ - ئیمە دەمانەوێ ئەو نەتەوانی کە لە ئیران دا دەژین بتوانن بۆ سەعادەت و سەرکەوتنی نیشتمانی خۆیان [illegible]

بژی کوردوستانی خودموختاری دیموکرات ... قاضی

اینک شعارهای ما :

ایران مختاریت ملی خود را بدست بیاورد .

هموطنان ما بغیر از حق مشروع انسانی خود چیز دیگر نمیخواهیم شعارهای ما در مواد زیرین خلاصه شده است آنرا بخوانید و بتمام دزوه ملت کرد بفهمانید

اینک شعارهای ما :

۱ ـ ملت کرد در داخل ایران در اداره امور محلی خود مختار و آزاد باشد و در حدود دولت ایران خود مختاریت ملت کرد را بدست بگیرد .

۲ ـ با زبان کردی خود بتواند تحصیل بکند و امورات اداری دولتی با همان زبان کردی اداره شود .

۳ ـ انجمن ولایتی کردستان طبق قانون اساسی بفوریت انتخاب شده در تمام کارهای اجتماعی و دولتی نظارت و سرکشی بکند

۴ ـ مامورین دولت باید قطعاً از اهل محل باشند .

۵ ـ بواسطه یک قانون کلی مابین رعیت و ارباب سازش بعمل آید و آتیه هردو تأمین بشود

۶ ـ مخصوصاً حزب دموکرات کردستان سعی خواهد کرد مابین ملت آذربایجان و اقوامیکه در آذربایجان زندگی میکنند (آشوری، ارمنی وغیره) در مبارزه وحدت و برادری کامل برقرار گردد .

۷ ـ حزب دموکرات کردستان بواسطه استفاده از منابع طبیعی سرشار کردستان و ترقی امور کشاورزی و بازرگانی و توسعه امور فرهنگی و بهداشتی برای رفاه حال اقتصادی و معنوی ملت کرد مبارزه خواهد کرد .

۸ ـ ما میخواهیم مللی که در داخل ایران زندگی میکنند بتوانند با آزادی برای سعادت و ترقی میهن خود کوشش نمایند .

زنده باد کردستان خود مختار دموکرات .

دەقی بەیاننامەکە بە

تکایه بڕوانه شێوەنوسین و خەتی بەیاننامەکەی کەماڵ فوئاد و نیشانه و عەلامەتگەلێ کە بۆ پیتەدەنگدارەکان نووسراون !

بەندی١. میللەتی کورد لە ایراندا لە هەڵسوراندنو پیکهینانی کاروباری جیگای خۆی آزاد **بیت** و لە سنوری دەولەتی ایراندا خودموختاری بیی.

لکاندنی پیتی"ت" بە" فعل"ی هەبوون بۆ کەسی سێهەم تایبەت بە شێوە نووسینی باشوری کوردستانەو بەدەگمەن لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەوجۆرە نووسراوە. نووسەری بەیاننامە دەبوو لە دێڕی دووهەمیش‌دا، فعل "ببێ" پیتی /ت/ ی پێوە بلکێنێ یان پیتی "ت" لە "بێت" دا نەنووسرێ.

روونکەرەوە نووسانی بنکە گوتەنیی: ئەندامانی کۆمەڵەی باکورو باشور، بۆ ئەوە دڵیان نەئێشێ بە دوو شێوەی "بێت و ببێ" تێکستەکەیان نووسیوە!!

بەندی ٢.- بتوانی بە زمانی کوردی بخوینێ و لە وڵاتانی کوردی‌دا کاروباری نوسین لە ادارەکانی دەوڵەتی دا هەر بەکوردی بێ.

بەیاننامە نووس بۆ بەندی ٢ نەینووسیوە: کێ دەبێ بە زمانی کوردی بخوێنێ یان بخوێنێت؟

وەکو دەبینین لەوەبەدواوە نیشانەی پیتی دەنگدار کە هی ریفۆرمێکە کە دوای روخانی کۆماری کوردستانو لە ١٣٣٠ی هەتاویی بەدواوە لە زمانی کوردیی‌دالەرۆژهەڵاتی کوردستان‌دا کراوە، هاتووەتە نێو بەیاننامەکەی د.کەماڵ فوئادەوە.

لیرەدا پێویستە ئەو واقعییەتە ڕابگەیەندرێ کە هەرکتێبو نامیلکەیەک کە لەسەر حیزبی دێموکرات بەو دروشمو ئامانجەوە کە لەو بەیاننامەیەی د. کەمال فوئاددا فورمولە کراوە تەزویریی‌یەو فڕی بەسەر ئامانجەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان١٣٢٤–— ١٣٢٥وە نی‌یە.

فارسیی نووسینەکەی بەیاننامەنووس ناتەواوەو هێ کەسێکە کە بەگەورەیی فێری زمانی فارسیی بووبێ یان لە حوجرەی مزگەوتو لای مەلاکانی کورد کە گولستانو بوستانی سەعدیی‌یان دەخوێند نووسراوە. دەقە کوردیی‌و فارسیی‌یەکە بەیاننامەکەی کەماڵ فوئاد، دوو کەسی جیاواز نووسیویانن. نووسەری بەیاننامەکە لە بەندی ٢ ی بەشە کوردیی‌یەکەدا باس لە" وڵاتانی کوردی" دەکا. لە فارسیی‌یەکەی‌دا شتێکی وای تێدانییە. رەنگە وڵاتانی "کوردی" بە بروای نووسەر وەرگێڕدراوی " امورات دوایر دولتی"'بووبێ!!

ئەو ئەنجومەنە "ولایەتی"یە لە وەرگێڕانەکەی دا کراوە بە "وڵاتانی کوردی".

٢_–٢ نیشانەی "ێ" و ڵ لە وشەی وڵاتانی‌دا" و ... دەوڵەتی، لەسەردەمی کۆماردا نەدەنووسران. هەروەها "فعل "بێ"وەکو بەندی ١ و پیتی ت لکێندراو بە کرداری سێهەم کەسەوە کە پێشتر باس کران لە نووسین‌دا باو نەبوون.

١_-٣ ئەنجومەنی ولایەتی کوردستان کە لە قانونی ئەساسی دەڵی جێ بەجێ داندرێ.
نووسەرە کوردە فارسی‌نەزانەکە ."انجمن ولایتی" کردووە بە ئەنجومەنی وڵاتی کوردستان کە لە قانونی ئەساسی‌دا دەڵێ: جێ بەجێ داندرێ.! "المعنی فی بطن الشاعر!"
مەبەستی سیاسەتڤانی ناشارەزا کە کاری وەرگێڕیی کردووە، ئەوە بووە کە: ئەنجومەنی ئەیالەتیی بە پێی قانوون دابمەزرێ و نوێنەرانی هەڵبژێردرێن.
٢-_ ٣ ، ڵ، ێ لە وشەگەلی: ولایەتی کوردستان، قانونی ئەساسی، دەڵێ: جێبەجێ و داندرێ وەکو گوترا لە سەردەمی کۆماری کوردستان‌دا بەو شێوەیە نەنووسراون‌و پیتە دەنگدارەکان نیشانەیەکیان بۆ دانەدەندرا .
١_ ٤ مامورینی دەوڵتی هەر دەبی لە خەڵکی محەل بێ. بڕوانە نیشانەکانی ڵ و ێ
٢_-٤ خەڵکی محەل بێ هەر بە شێوەی بەندەکانی پێشوو لێی‌بڕوانە! نووسەر لە بیری چووە لە بری ببێ، بێت بنووسێ.
١_-٥ " بە بۆنەی قانونیکی کوللی لە مابەینی رەعییەتو ئەرباب دا سازشت بە جێ بێت، کە دووا رۆژی هەردوکیان تەئمین ببێت."
٢-_٥ سازشت بە جێ بێت، بەجێ، بێ؟ یان بە جێ بێت؟ ێ، و بێت ... ئەوانە هیچکام شێوە نووسینی سەردەمی کوماری کوردستان نەبوون‌و تازەن کە لە باشوری کوردستان ئەو پیتانە لە "فعل" ی بوون بۆ سێهەم کەس بەکار دێنن.
١_-٦" بە تایبەتی" کۆمەڵەی دیموکرات کوردستان" سەعی دەکات لە مابەینی میللەتی آذربایجان و ئەو نەتەوانەی کە لە ئازەربایجان‌دادەژین " آسوری و ارمنی و غەیرە " لە مبارزە دا یەکیەتی و برایەتی تەواو بەرقرار بیت."
"ئەو بەندە نیشان‌دەدا کە دەقە کوردیی‌یەکەی کەمال فوئاد وەرگێڕدراوی دەقە فارسییەکەی کتێبی "اسرار اعدام قاضی محمدو یاران..."ە و گوایە: نووسەرەکەی د. رحیم سیف قاضی‌و وەرگێڕو کۆکەرەوەکەی محمدرضا سیف قاضی‌یە. نازانرێ ئەسڵی کتێبەکە بە چ زمانێک نووسراوەو لە کوێ چاپ کراوەو سەرچاوەکەی چی‌یە.
لە بەندی ٦ی بەیاننامەکەدا، ئەرکێکی گرنگ بە "کۆمەڵەی دێموکراتی کوردستانی" د.کەماڵ فوئاد ئەسپێردراوە!!؟
گۆڕینی ناوی ئەو هەرێمەی کوردستان بە "ئازەربایجان" لەلایەن رەزاشاوە بووە. ئەوەش لە درێژەی سیاسەتی توناکردنی کوردو نەتەوەکانی غەیرەفارس لەئێراندا و ڕەچاوکردنی سیاسەتی کەماڵیستەکان لەتورکیا دژی کورد بووە. ئەرکی دیاریکراویش نێوبژیڤانیی‌کردنی "کۆمەڵەی دێموکرات کوردستانی" لە نێوان گەلانێک دابووە کە لە "ئازەربایجان"دا دەژین. ئەو بەندە باس

له هەبوونی نەتەوەی کورد له " ئازەربایجان" ناکا. تەنیا لەژێر وشەی " وەغەیرە"دا رەنگە بدۆزرێتەوە.

٢_٦ ناوی "کۆمەڵە دێموکرات کوردوستان" که له بەیاننامەکەی کەمال فوئاددا نووسراوە، لەسەرانسەری رۆژنامەکانی کوردستان‌دا ئەو ناوە نابیندرێ. نووسەرانی بنکەی ژین به نوێنەرایەتیی کەماڵ فوئاد داستانێکی سەیریان بۆ ئەو ناوە تەزویرکراوە نووسیوە کە له لێکۆڵینەوەی ٢٠١٠/١٠/٣خاوەنی ئەم قەڵەمەدا باسی کراوە .

١_٧ "کۆمەلەی دێموکرات کوردوستان"بە بۆنەی استفادە لە سەرچاوان و کانگایەکانی طەبیعی زۆری کوردوستان و سەرکەوتنی" اموری جوتیاری و بازرگانی و پەرەپێدانی امور فەرهەنگی و لەش ساغی بۆ چاکی حالی اقتصادی و مەعنەوی میللەتی کورد ملەی دەکا.

وەرگێڕی ئەو " بەیاننامە"یە، دەقە فارسییەکەی فام نەکردووە. "کورد لە "سەرکەوتنی اموری جوتیاریی " پەرەپێدانی اموری فەرهەنگیی و لەش ساخی بۆ چاکی حاڵی اقتصادی و مەعنەوی مله ده کا". وەرگێڕی کوردیی‌نەزانی فارسیی "بیلمەزی بەیاننامەنووسی بنکەی ژین و د. کەماڵ فوئاد، رەنگە ئەو کوردیی و فارسییە قاراشمیشە و کاڵ و نەکوڵیوەیان فام نەکربێ و نەزانن کە مەبەست لە سەرکەوتنی" اموری جوتیارییو اموری فەرهەنگییو چاکی حاڵی اقتصادی و مەعنەوی مله دەکا" چیبووبێو نووسەر ویستوویە چی بڵێ؟!!

١_٨ ایمە دەمانەوی ئەو نەتەوانی کە لە ایران‌دا دەژین بتوانن بۆ سعادت و سەرکەوتنی نیشتمانی خویان کوششت بکەن.

بروانە ئەو ویستەو داخوازە سیاسییە کە کراوەتە بەندێک لە بەرنامەی کاری حیزبێکی سیاسیی کە سەربەخۆیی کوردستانی ڕاگەیاندووە !!

له کۆتایی ئەم بەناو بەرنامەیەدا نووسراوە :

بژی کوردوستانی خودموختاری دێموکرات – محمد قاضی

سەرەڕای ئەو هەموو بەڵگەیە کە هەبوونو نووسینی ئەو بەیاننامەیە لەسەردەمی کۆماری کوردستان‌دا رەت دەکەنەوە، دەقە فارسییو کوردییەکەی دوو بەیاننامەکەی د. رحیم سیف قاضی و کەماڵ فوئاد، هاوار دەکەن کە تەزویرکراون. چونکە ئەو دروشمەو ناوی جەنابی قاضی محمد کە لە بەیاننامەکەی کەماڵ فوئاددا نووسراوە لە دەقە فارسییەکەدا نەبووە.

د. رحیم سیف قاضی لە نامەیەک دا کە بۆ کەریم حداد(ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حدک دوای روخانی کۆمای کوردستان بۆ رەوانشاد، کەریم حیسامیی ناردبوو بەڕاشکاویی نووسیبووی: بەیاننامەکە، ناوی دامەزرێنەرانی کۆمەلەو پێشەوا قاضی، پێوە نەبووە". پێداچوونەوە، نووسینی کەریم حیسامییو کتێبی کۆماری کوردستان، نووسینی محمود مەلا عیززەت. ئێستا پرسیار ئەوەیە کە کام لەو دوو بەیاننامانەی د. رحیم و دوکتور کەماڵ فوئاد ساختەنین؟

نووسەر هیواداره دوای بڵاو بوونەوەی ئەوبەشە لەو لێکۆڵینەوەیە شەخسی د.کەماڵ فوئاد زانیاریی پێویست لەمەر ئەو بەیاننامەیە کە، خاوەنەکەی کێبووە، کەی چیکراوەو چ کەسانێک لەوکارەدا بەشدار بوون بڵاو بکاتەوە.

ئەو تەزویرە مێژوویی‌یە سروشتی خەباتی گەلی ئێمەی گۆڕیوە و لە رەوتی رزگارییخوازیی لەکۆیلەتیی دەور و کارتێکەریی‌یەکی چارەنووسگۆڕی هەبووە.

سەربەخۆییخوازیی رێبەرانی کۆماری کوردستان، ئاکامی لێکدانەوەی سیاسیی قووڵو ئەزموونی مێژوویی کورد لە ژینی کۆیلەتییو ژێردەستیی داگیرکەرانی کوردستان بووە.

خود موختارییخوازیی ئیدەی حیزبی تودەی ئێرانو "فرقەی دمکرات آذربایجان" بووە. قبووڵی ئێرانچێتیی، تعریبو تتریک قبوڵی کۆیلەتیی فکریی، ئابورییو سیاسیی‌یە و یەکێتیی خەباتی گەلی ئێمەی بۆ ئازادیی بەرەو ناوچەگەریی و دروستکردنی حیزبی خێڵەکیی سەربە داگیرکەرانی کوردستان بردووە. ئەو درشمە جۆراوجۆرانەی کە ئەو گروپ و سازمانانەیکورد لە درێژایی خەباتدا بەرزیان کردووەتەوە، سەرەنجامەکەی شەڕەگەڕەک، زاڵترکردنی داگیرکەران بەسەر کوردستاندا وتوانەوەی حیزب و تاقمیخێڵەکیی کورد لە نێوسپای داگیرکەراندا بووە. رزگاریی کوردستان و ئازادیی گەلی کورد بەبێ خەباتێکی هەموانیی یەکگرتووی کورد بەهیچ جێگایەک ناگا. لە تروپکی سەرکەوتنەوە بەرەو ئاشبەتاڵ و خۆژیاندنێکی سەرشۆڕانەی ئۆردووگایی و جێبەجێکردنی ماددەی ١٥ و ١٩ قانونی ئەساسیی خومەینیی و قبوڵی حاکمییەتی مالکیی و شەهرستانیی و داروودەستەی تێرۆریستەکانی خومەینیی خلۆر دەبێتەوە.

ئیدەی ئێرانیگەریی، عێراقچێتیی و برایەتیی تورک و کورد لە ژیانی فەردیی کوردو بیرمەندانی دا دوو کەسایەتیی ناتەبا دەخولقێنێ. نموونەکەی دەکرێ لە کتێبەکانی نەوشیروان مستەفا ئەمین، نووسەر و سیاسەتڤانی کورد: کوردو عەجەم، خولانەوە لەنێوبازنەدا، لە دانوبەوە بەرەو خڕی ناوزەنگوناميلكەی ١٤ لاپەڕەیی،لە هاوخەباتیی‌یەوە بۆ تەخوین ( وەلامدانەوەکەی سەرۆک طالبانی لەمەر کارەساتە خولقێندراوەکانی خولقێندراو لەلایەن تەنزیمی یەکێتییو بەرپرسایەتیی شەخسی نەوشیروان و قبوولی تواندنەوەی تەنزیمەکەی یەکێتیی لە نێو سپای پاسداراندا بەدی دەکرێ کە ئاکامی ئەنفال وژارباران و ئاوارەیی گەلی کورد و تواناکردنی خەباتی مەزنترین بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانی بەدوادا بووە. ئەوبابەتە گرنگتر لەوەیە کە بە دوو دێری لاوەکیی بەسەریدا تێپەرین.

روونکەرەوەنووسانی بنکەی ژینو کەماڵ فوئادی خاوەنی بەیاننامە تەزویرکراوەکە، دوای خوێندنەوەی ئەم فاکت و بەڵگانە کە بۆ یەکەمینجار بڵاو دەکرێنەوە، بۆ ڕەواندنی تەمی شکو گومان دوو رێیان لەبەرە. یەکەم سکوتو بێدەنگیی و ئاشکرانەکردنی بەرپرسانی تەزویرەکەیە. دووهەم نووسین وڕاگەیاندنی واقعییەتو دەوری کەسانێکە کە لەو رووداوەدا بەشداربوون.

## "نطق" ی پێشەوا قاضی محمدو بەیاننامەکەی کەماڵ فوئاد

"نطقی" رئیس جمهوری بەرزی کوردستان کە لە "رۆژنامەی کوردستان ژمارە ١٠ ساڵی یەکەم دوشەممە ١٥ رێبەندان ١٣٢٤(٤ فوریە ١٩٤٦) هەروەها ژمارە ١١ چوارشەممە ١٧ رێبەندان ١٣٢٤ (٦ فوریە ١٩٤٦)دا نووسراوە[4] جێگەیەک بۆ ئیددیعایەکی ئەو تۆ کە باسی کرا ناهێیڵێتەوە. هەروەها ئاخافتنی جەنابی قاضی محمد لە مزگەوتی سوور، دوای گەڕانەوەی لە سەفەری باکۆ و دیداری باقرئۆف، سەرۆک کۆماری ئازەربایجان بەڵگەیەکی دیکەی حاشاهەڵنەگرە لەمەر گۆڕینی ناوی کۆمەلەی ژیانەوەی کورد بە حیزبی دێموکراتی کوردستان. سەفەرەکە لە سێپتامبری ١٩٤٥ بۆ باکۆ لەگەڵ کاپیتان نمازئۆف، نوێنەری سۆڤییەت کراوە. رۆژی ٣ مانگی سێپتامبری ١٩٤٥ "فرقه دمکرات آذربایجان" دامەزراوە. پێشەوا قاضی و هەیئەتەکەی هاوڕێی لەودیدارەیدا لەگەڵ باقرئۆف لە ویستی سەربەخۆیی بۆکوردستان و دەوڵەتی سەربەخۆی کورد دیفاعی کردووە.

بەگوێرەی ئەو زانیارییانە راگەیاندنی "دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان" کە لە دەقی بەیاننامەکەی کەماڵ فوئاددا کراوە بە "کۆمەڵە دێموکرات کوردستان" و بەیاننامەی دامەزرانی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان١٧ رۆژیان بەین بووە. وەکو لە رۆژنامەی "آذربایجان"دا دەبیندرێ لە پێوەندیی بە کوردستانو ئاڵوگۆڕەکانیدا خەبەرێک لە بەیاننامەی دامەزرانی "حیزب یان کۆمەڵەی کوردستان"نابیندرێ. هێچ پەیامێکیش لەلایەن پیشەوەریو شبستریو رێبەرانی فیرقەوە بۆ " کۆمەلەی دێموکرات کوردستان" نەناردراوە. بەڵام لانیکەم ٤ تێلگرافی تەزویرکراو لەلایەن ئەندامانی "حیزبی دێموکراتی کورد" نە "حیزبی دێموکراتی کوردستان" یان "کۆمەڵەی دێموکرات

---

[4] نطقی جەنابی پیشەوا و رئیس جمهوری بەرزی کوردستان:

"... تا لە شهریوەری ١٣٢٠ دا فریشتەی آزادی دەستگای دیکتاتوری و فاشیستی رضاخانی تیک شکاند کورد سەری لەو هەمو فشار و اذیتە کمی فارغ بوو فوری احساسی کرد جون دەبی لە فرصت استفادە بکات و ریگای صلاح ووەدەست خستنی آزادی ئەو ملتە چیە و چبکا. پیاوانیکی بە بیرو هۆش و بەشرف کە زور لە میژ بو خویناوی دلی خویان دخواردەوە بۆ ذلیلی ئەو ملتە دوکەل لە دەرونیان دەهاتە دەری زور زو تشخیصیان دا کە وەختی کارەو و لەو فرصتەدەبی بەهرە وەرگیری و ئەوە تەواو ئەوروژەیەکە پشتاوپشتمان چاوەروانی بون یەکجار خیراو بی وچان و ڕاویستان دەستیان بەکار کرد حزبی دیموکراتی کوردستانیان تشکیل دا و بە دستوبرد خریکی کاروباری ملی بون و بە چاویکی ورد و بە دقت احتیاج و پیداویستی کوردیان تشخیص داو بدی کرد."

دەپیش هەمو شتتیکدا اختلافات و دوبەرەکانی عشایری کە بە دسیسە و حیلەبازی استعمارچیو دیکتاتوران بو استثمارو خواردن و کروساندنەوەیئەو ملتە بە قەولی خویان ( تفرقە بیندازو حکومت کن) دەبەینی خستبون و تا اندازەیەک ئەو آورە بلیسەی سەندبو برای دایک و بابی لە یەک ترازاندبو بکلی لە گوری هەڵگیرا و نیوی عەشیرەتو و طوایف وهەرچی اسبابی ئەو نفاق و و پرشوبلاویە و فریدراو عموما لەژیر عنوانی حزب دیموکراتی کوردستان دا کوبونەوە و یکدلو یەک زمان تیکرا بەرەو آمانجی آزادی کەوتنە ری."

کوردستان"ەوە بەو جۆرەی لە بەیاننامە تەزویرکراوەکەی کەماڵ فوئاد ناوی بردراوە، لە لایەن محمد یاهو" بەو عینوانە: از طرف بیست هزار نفر از اعضای "حزب دیموکرات کورد"بۆ فیرقەی دیموکراتی آذربایجان ناردراوە.

نووسینی تێلگراف بە ناوێ بیست هەزار کەس لە ئەندامانی" حیزبی دیموکراتی کورد"ەوە کە ناوەکانیان نەنووسراون ساختەو فۆرمالیتە بووە. وادیارە یا محمد یاهو، ناوی حیزبەکەی خۆی نەزانیوە کە بە "حیزبی دیموکراتی کورد"ی ناوبردووە یان ئەو تێلگرافەش ساختەی فیرقەیەو فڕی بەسەر محمد یاهووەوە نەبووە.

ئەگەر لەوکاتەدا (٢٥ گەلاوێژی ١٣٢٤)" حیزبی دیموکراتی کوردستان"دامەزرانی خۆی راگەیاندبێ، دەبوو ١٧ رۆژ دواتر بە ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستان" ەوە پەیامی پیرۆزبایی خۆی بۆ سەرانی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان بنێرێ کە بۆ یەکەمین جار تەشکیلاتی فیرقەیان دامەزراند.

بەرپرسانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیش کە لە دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان کتێبو نامیلکەیان لە سەر حیزبی دیموکراتو بەرنامەکەی نووسیوە، خۆیان لەو بابەتە بێدەنگ کردووەو نەیانتوانیوە لە هەبوونی بەیاننامەیەکی ئەوتۆ، بە لەبەر چاوگرتنی ئەو هەموو بەڵگەیەی کە لەسەر ساختە بوونی بەڵگەنامەکەی کەماڵ فوئادو کارگێرانی فیرقەی دیموکراتی آذربایجان هەیە، دیفاع بکەن. تەنیا نووسراوەیەک کە بۆ نیشاندانی هەبوونی بەیاننامەیەک نیشان دەدرێ دەقێکی چەند خەتیی بە فارسییnووسراوی راه تودەی مائۆئیستەکانی خانبابا تهرانی"یە کە لە سالی ١٣٤٩ هەتاوییدا نووسراوە. ئەو چەند خەتەش سەرچاوەیەکی نەبووە کە ئەو ئیددیعایەی کەماڵ فوئاد بسەلمێنێ.

## چاپخانەی ئاراس و چاپکردنەوەی رۆژنامەکانی کوردستان

دوابەدوای بڵاوبوونەوەی لێکۆڵینەوەکەی خاوەنی ئەو قەڵەمە لەسەر چاپی بەیاننامە تەزویرکراوەکەی حدک لەگەل رۆژنامەکانی کوردستان (ساڵەکانی ١٣٢٤–١٣٢٥ هەتاویی)، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس لەهەولێر لەساڵی ٢٠١١ سەرجەمی رۆژنامەکانی کوردستان کە پێشتر لەگەڵ بنکەی ژین و لەپرۆژەیەکی هاوبەشدا چاپیان کردبوون بۆ جاری دووهەم لە ئەندازەیەکی پچوکتردا چاپ کردەوە. لە چاپی دووهەمی رۆژنامەکاندا پرەنسیپی رۆژنامەڤانیی، بێلایەنیی و ئەمانەتپارێزیی بە تەواوی پارێزراوە. بابەتگەلێکی لاوەکیی لکێندراو بە رۆژنامەکانی کوردستان کە لەچاپی یەکەمدا لێیزیادکرابوو لێیدەرهاوێژراوە. هەروەها پێشەکیی تژی لە هەڵەی رێزمانیی و کەمو کوریی ستروکتوریی کە زەحمەتێکی زۆری بۆکێشرابوو بە هۆی ناتەواویی لێی لابراوە. چاپکردنەوەی رۆژنامەکانی کوردستان لەلایەن دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس کارێکی گرنگی فەرهەنگیی– مێژوویییە. بەرپرس و کارگێڕانی چاپخانەی ئاراس بۆ ئەوکارەیان جێی رێزو سوپاسن. درێژەی هەیە.

ستاد نیروی کردستان
رکن دوم
شماره ۱۹۱۲۵

رضائیه
مورخه ۱۰-۱-۲۶
ساعت ۸

# اعلامیه

از اواخر سال ۲۰ محمدقاضی — ابوالقاسم صدرقاضی — محمدحسین سیف قاضی درمهاباد دست یك سلسله تحریکات و اقداماتی بر علیه امنیت و انتظام منطقه زده تدریجاً اعمال جنایت آمیز خود را بسط و توسعه داده که منجر به وقایع اسف انگیز زیادی منجمله حمله بشهربانی مهاباد قتل پنج نفر پاسبان غارت شهربانی و از بین بردن اسناد و مدارك جنایات خود قتل محمودیان تاجر مهابادی و قاضی زاده رئیس آمار که همه قربانی مطامع و جاه طلبی آنها گردید همچنین غارت دهات و سایر وقایع در آن خطه گردید

**محمد قاضی** بهمدستی برادرخود **صدر قاضی** (که ظاهراً نماینده مهاباد ولی در معنی عامل و طراح اصلی نقشه های پلید تجزیه قسمتی از ایران بود) **و سیف قاضی** برای اجرای مقاصد شوم و ننگین خود کلیه رؤسای ادارات دولتی را ازمهاباد بیرون کرده روز ۲۶ آذر ۲۴ پرچم سه رنگ شیروخورشید ایران را ازفراز عمارات دولتی پائین کشیده و پرچمی بعنوان پرچم کردستان برافراشته **روز دوم بهمن ماه ۲۴ محمد قاضی خود را رئیس جمهور کردستان آزاد معرفی** و عدهٔ از اشخاص خائن و بد سابقه را که از همکاران او بودند به منظورعملی کردن مقاصد شخصی **بعنوان وزرای دولت خود مختار کردستان تعیین** و برای مقابله بانیروهای دولتی دستجات قوای مسلحی از مهابادی و بارزانی تشکیل مقادیر معتنابهی اسلحه و مهمات در بین اهالی و عشایر تقسیم گردیده و آنها را بسمت سقز و سردشت اعزام حوادث خونینی را فراهم نمودند با آنکه نیروی کردستان چند بار آنها را به اطاعت دعوت نموده نتیجه حاصل نشده همچنین در تهران اولیای معظم دولت سعی کردند آنان را از این افکار ناپسند باز دارند مؤثر واقع نگردید همان خط مشی را ادامه دادند.

در اواسط آذر ۲۵ موقع عزیمت نیروی کردستان به آذربایجان **این اشخاص در مجالس و مساجد اهالی و عشائر را به مقاومت در برابر نیروها تحریك و تحریص کرده دستور کتبی برای حمله به ستونهای نظامی صادر کردند** لیکن خوشبختانه عشائر به افکار پلید آنها پی برده ترتیب اثر ندادند و ستونهای نظامی با سرعت به پیشروی خود ادامه و کلیهٔ نقشه های خائنانه آنها بی اثر ماند بالنتیجه این عناصر خائن دستگیر و گرفتار سرپنجهٔ عدالت گردیده پرونده این اشخاص بدادگاه نظامی زمان جنگ مراجعه **هرسه نفر محکوم به اعدام شدند** دادگاه تجدید نظر نیز رأی را ابرام **و بتصویب بندگان اعلیحضرت همایون شاهنشاهی** رسیده ساعت ۶ روز دهم فروردین در مهاباد به موقع اجرا گذارده شد.

فرمانده لشکر ۴ و نیروی کردستان **سرلشگر همایونی**

چاپخانه شیروخورشید سرخ رضائیه